# من له هەموو هاوبەش دانانێک بێ پێویستم ، ئەگەر هەر کەسێک کردەوەیەک ئەنجام بدات وکەسێک بکاتە هاوبەشی من ئەوا من واز لەو کەسە وکردەوەکەی دێنم بە هۆی ئەو هاوبەشدانانەوە کە بۆ من بڕیاری داوە

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: الله فەرموویەتی:من له هەموو هاوبەش دانانێک بێ پێویستم ، ئەگەر هەر کەسێک کردەوەیەک ئەنجام بدات وکەسێک بکاتە هاوبەشی من ئەوا من واز لەو کەسە وکردەوەکەی دێنم بە هۆی ئەو هاوبەشدانانەوە کە بۆ من بڕیاری داوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرموودەیەک دەگێڕێتەوە لە پەروەردگاری بەرز وشکۆدارەوە -کە بە فەرموودەی قودسی ناسراوە- کە خوای گەورە واز دێنێت وبەریئە لەو کردەوەی کە کەسێک کراوە بە هاوبەشی ئەو تیایدا بەهۆی ڕیا یان شتێکی ترەوە، چونکە خوای گەورە پاک وپیرۆزە و دەوڵەمەند وبێ پێویستە لە هەموو شتێک، وئەگەر مرۆڤ کردەوەیەک بکات لە پەرستنەکان وبۆ جگە لە خوای گەورە بێت ؛ ئەوا خوای گەورە وازی لێدێنێت وکردەوەکەی قبوڵ ناکات وڕەتی دەکاتەوە، بۆیە واجبە کردەوەکان بە دڵسۆزی وئیخلاصەوە بۆ خوای گەورە بن -سبحانە وتعالى- چونکە خوای گەورە هیچ کردەوەیەک قبوڵ ناکات مەگەر ئەوانەی بەتەواوی دڵسۆزیەوە بۆ ئەو ئەنجامدراون.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3342

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee